**لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی**

**پوختەو دەرئەنجامەکانی بیکر هاملتون**




ماوەیەکی زۆرە زۆر نوسراوەو زۆر ووترا لەسەر سەردان و پلانەکانی هاملتون ، زۆر هێرش کرایە سەر بەرپرسانی کورد ، زۆر لێکدانەوە ووتراو نووسرابەڵام نەگەیشتینە ئەوەی تێ بگەین مەبەست لەم سەردان و پلانانە چی بوون ، هەمووشمان دەزانین هەڵوێستی کوردیان لە ژێر پێ نا ، بەڵام با لەم ناوەنجە سیاسیە تێ بگەین بزانین کوتلەی هەواڵە بوخاریەکانی هەوەسی ڕووی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی جیهانی داپۆشیوە چی بە ئێمە دەدات، هەموو دەزانین سیاسەتی هاتنە ناوەوەی سوپای ئەمریکی بۆ ناو عێراق بە دوو مەبەستی سەرەکی و دەرهاویشتیان هەبوو ، یەك لەوانەیان پێکا کە گرتنی سەدام حوسەین بوو ، دووەمیشیان دۆزینەوەی چەکی کیمیاوی کە هیچیان بەدەست نەهێنا .... پاش ئەوە کە نەیان توانی و شەرمەزاری بەردەمی دوونیا بوون کە نەیان توانی ئاشتی بخەنە ناو عێراقەوەو میلشیاکان یەك بخەن بە ناچاری پەنایان بردە بەر چەندین سوپای ئیسپانی و بەریتانی و چەندانی تر، هەمان تاقم و دەستەی عێراقی کە گوڵبارانی سوپای ئەمریکیان دەکرد ، ئیمڕۆ بەدەریان دەخەن ، لێیان دەکوژن ... کورد لەم نێوەدا هاوکاری ئەمریکی کرد بەوەی کە ئیتر جارێکی تر زوڵم نەبیننەوە، ئێمەی کورد هێندە تینووی ئاشتی بووین هەرچی بهاتایە بەر دەرگامان دەستی سوژدەمان دەنا بە سنگمانەوە ، هەموو دەزەنین و دیتمان چیمان کرد بۆ ئەمریکاو چۆن بوینە ڕێبەریان ، ئیمڕۆ بە پلانێك دەیانەوێ ئەو یاشتی و هیمنیەی کەوتۆتە کوردستانەوە تێکی بدەن .. ئێمە وەکو کورد گەورەترین هەڵەمان کردووە کە نەدەبوو بکرایە ، ڕەنگە هەموو سیاسەت مەدارێك بزانن کە گەورە ترین کۆنێکشنی نێوان دوو دەوڵەت لە ئیکۆنۆمیەوە دەست پێ دەکات ، ئێمە وەکو پەیوەندی بازرگانی نەمان توانی ئەوە بکەین خۆمان بوینە خاوەن و میلاك سازی ئەو هەموو کەمپانیایانەی کە ئێستا لەکوردستاندا هەن ، کە دەبوو لانی کەم 10-بۆ 15 کامپانیای دەرەکی لە کوردستاندا بوونایە ، هەموو مەسەلەکان پەیوەستن بە بازرگانییەوە ، ئەو شیوە بازرگانییە تەنها لۆکاڵ بوون کە دەبوو ئەنتەر ناشناڵ بوونایە ، ئێستا ئەوەی چوو چوو ، ئیمڕۆ دوای ئەمدیواو دیو کردنی کێشەکانی عێراق لە کۆنگریسی پیران و کۆشکی سپی گەیشتنە ئەوەی کە کێن ئەوانەی بوونەتە هۆکاری تێکدان و ڕێگر لە ئاشتی سەپاندن لەعێراقدا ، ئەوان لەوە گەیشتن کە لە 60% عێراق بگرە زیاتر شیعەن و چەند دەوڵەتێك هەن بۆ سەرکەوتنی دینەکەیان دەیانەوێ ببنە پاوەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەوانەش سوریاو ئێرانن کە هاوکاری شیعەکان دەکەن و لە بەر فراوانی و بەر بەرەلایی ناتوانن ئەو سنورانە کۆنترۆڵ بکەن ، هاوکات خەریکن دەبنە خەتەری گەورە بۆ سەر هێزی گەورەی دونیا ، ئەوەیشی هەیانە کە بۆتە

ملۆزم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسرِائیله ، هەم بۆ هێشتنەوەی ئیسرِائیل و هەم بۆ نەهێشتنی ئه و هەراو پێكدا دانه ی له عێراقدا ناچار بیریان لەوه كردەوه كه ئەو دوو دەوڵەته هەڵبژێرن كه ببێته ناوبژیوان له كیشوەرەكەدا ، هەتاوەكو بتوانن لەو خەتەریاته دەرباز بن له تێی كەوتوون ، نەخشەكه به شێوەی سی گۆشیەیه له سوریاوه بۆ عێراق له ئێرانەوه بۆ عێراق له ئێرانەوه بۆ سوریا ، كوردستانیش لەو ناوەندی ئەو گۆشەیەدایه ، ئەوان نازانن تا چ ڕادەیەك به زیانی كورد دەشكێتەوه ئەمەیان داوەتەوه دەست كورد تا چەند دەتوانێ مامەڵه لەگەڵ مەسەلەكه دەكات ، به بیریشتان دێنمەوه سەردانەكەی مام جەلال بۆ ئێران بەشێكه لەم مەسەلەیه ، مام جەلال به سیاسەتی زیرەكانەی له گەڵ كاك مەسعود بارزانی هەوڵ دەدەن كورد به زیانی پێ نەكەوێت ، سەركردەكانی كورد ئەوەی دەستەڵات و توانایانه خستویانەته كار تاوەكو نەبنه قوربانی مەسەلەكه ، بەڵام كورد ئەوەندەی پەیمانی درۆی پێ دراوه ناتوانن پەیمان بدەن به میللەت كه دەپاریزرێن ، چونكه مەسەلەكه زۆر لەوانه گەوره تره ، پرسیارێك لیرەدا دێته پێشەوه ، ئایا توركیا لەم پرۆسێسه سیایەدا چی مەرام و هەڵوێستێكی دەبێت ،یان ئایا ئەمریكا ڕێگه دەدات توركیا ببێته تەیارێك لەم هەنگاوه ترسناكه .


Woshiar jaff
Canada –ottawa
oscarwoshiar@hotmail.com